# هەفتەنامەی هاولاَتی لەنێوان وەستان وبەردەوامبوونیدا!

کەمال ڕەئوف

ڕەنگە ئەم نووسینەم یەکێك لەو نووسینە دەگمەنانە بێت کە پێش هەرکەسێك نەخۆم حەزم بەنووسینی کردوەو نەپێشتریش بەهیچ شێوەك بیرم لێنەکردۆتەوەو نەخۆشمم بۆئامادەکردوە , بەلاَم ئەو ئالۆگۆڕانەی کە ئەم دواییانە بەسەر هاولاَتیدا هاتووە ودەستکێشانەوەی کۆمەلێك لەبرادەرانی ناوستافەکەو وازهێنانی کۆمەلێك کارمەند و پەیامنێر کەسالاَنێکە لەگەلمٛاندا کاریانکردوە, هەروەها دەستکێشانەوەی خۆم لە پرۆژەیەکی ئاوا کەتاسەر ئێسك خۆشم وویستووە و هیوام پێی هەبووە, هانی دام کەدان بەجەرگی خۆمدا بنێم و ئەم بابەتە ئامادەبکەم .

ئاشکرایە پێناسەی هاولاَتی و خەونێك کەهاولاَتی و برادەرانی ئەو پرۆژەیە لەپشت سەری خۆیان نابوو لەپێش هەر قسەو تێگەیشتنێکدا بەو لاپەڕەو هەولدانانە دەناسرێتەوە کە زیاتر لە پێنج سالە دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەرانی و دەبینرێنەوە , وەگەر هەرکەسێك خوێنەرێکی جدی و بەپەرۆشی کاری ڕۆژنامەگەری کوردی بووبێت ئەستەمە گەر بەڕێکەوتیش بووبێت چاوی نەچووبێتە سەر بابەت و هەوالێك کەلەو هەفتەنامەیەدا بلاَوکراوەتەوە , ئەمە جگەلەوەی کە هاولاَتی بۆخۆی لەناوەوە لای دەسەلاَتی کوردی وەك پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری خاوەن خوێنەر و هەلۆیست حسابی لەسەرکراوە ولەهەمانکاتیشدا مینبەرێکی بەهێزیش بووە لای خەلك بۆ هەلۆیستگرتن لەسەرگەندەلی و کارەدزێوەکانی حیزبەکان, بۆیە ڕەنگە موبالەغە ئامێزانە نەبێت گەر بلێن هاولاَتی سەرباری هەموو کەموو کوڕیەکانی سەرباری ئەوەی بێ هەلەو خەوش نەبووە ,بەلاَم سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ پەخشکردنی هەوالَ و ئاشکراکردنی ڕاستی ڕووداوەکان لەناوەوە و سەرچاوەیەکی بڕواپێکراویش بووە بۆ کوردەکانی هەندەران, بەشێوەیەکی فراوانتریش هاولاَتی بەهۆی کاریگەریەکانیەوە لەلایەن وولاَتانی دراوسێ و تەنانەت لای ڕژێمی ئەوکاتەی حکومەتی بەعسیش متابەعەکەراوەو هەوالَ و زانیاری لەسەر کۆکراوەتەوە ,*
لێرەدا جێگەی خۆیەتی گەر بلێین پرۆژەی هاولاَتی کە تائێستا لە ڕۆژنامەیەکدا چەقی بەستووە و ماتەوە , سەرەتا پرۆژەیەك نەبوو تەنها بۆ دروستکردنی ڕۆژنامەیەك وبەس, بەلکە پرۆژەیەك بوو کە بیر لە فراوانکردنەوەی بکرێتەوە چەندین بواری تری ڕۆشنبیری تریش بگرێتەخۆی, بەلاَم هەلومەرجی قورسی کارکردنی ئەوکاتەی کە پرۆژەکە تیایدادەستی پێکرد گەلەك شتی وەك ئەمری واقیع بەسەرماندا فەرزکرد وەك ئەوەی دوایی ئەوەی کە کاك ڕێبوار سیوەیلی وەك سەرنوسەر ئامادەنەبوو لەگەلمٛان کاربکات وکاك نورەدین وەیسی وکاك ئیسماعیل کوردە پاشەکشەیان کرد ,ئیتر بەناچاری واکەوتەوە کە زۆربەی برادەرانی ستافەکە خەلکی سلێمانی بن *, شایانی ووتنە لەگەلَ ئەم دەست کورتیەمان لە پەیداکردنی نووسەرانی سەربەخۆی دەرەوەی شاری سلێمانی ,ئەوکاتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان نەك هەر دووئیدارەی هەبوو بگرە بەچوار بەش و چواردەسەلاَتەوە دابەش کرابوو کە هەر پارچەیەکیش جۆرە یاساو داب و نەریتێکی حیزبی بەسەردا زالکرابوو , بۆ نمونە ناوچەکانی خورمالَ و هەلەبجە بەتەواوەتی بەخەلکەکەیەوە کەوتبوونە ژێر کۆنترۆلی هێزە ئیسلامییەکان دیارە ئەوانیش خاوەن هێزو یاساو تایبەتمەندی خۆیان بوون, ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی پارتی و یەکێتیش بەتەواوەتی شەق کرابوون ,هەندێك لەناوچە سنوریەکانی قەلاَدزەش کەوتبوونە ژێر کونترۆلی پەکەکەوە, ئەمەش وای کردبوو کە ئەستەمبێت نووسەرانی سەربەخۆی ژێر دەستی ئەو دەسەلاَتانە بە ناوی خۆیانەوەو ئازادانە لە ڕۆژنامەی ژێر دەسەلاَتەکانی تردا نووسین و ڕەخنەکانیان بلاَو بکەنەوە , تەنانەت بازگەکانی پارتی و یەکێتی لەنێوان هەولێرو سلێمانیدا نەك هەرمافی ئەویان بەخۆیان دابوو کە ڕێگری و تەنگژەیی بۆهاتوو چۆی خەلك دروستبکەن, بەلکە مافی ئەوەشیان بەخۆیان دابوو گیرفانی خەلك بپشکنن تانەهێلن هیچ زانیاریەك لەسەرناوچەکانیان دزەبکاتە ئەولا, هاولاَتی سەرەتا لە ساتەوەختێکی ئاوا هەستیاردا دەستی پێکرد و بڕیاریشی ئەوەبوو کە ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی نەبێت وهەموو ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان بگرێتەوە, دیارە ئەوبڕیارە زۆر قورس لەسەرمان کەوتەوە بەلاَم ناچاربووین بیکەین , چونکە ئەوکاتانە بۆ پەلکێشانمان لەسەر هەوالێك یان بابەتێك کە حیزب و دەسەلاَت بەدلی نەبوو هاتووچۆی دادگای هەولێرو سلێمانی و دهۆك بۆ ئەوان تەنها نوکە قەلەمێکی تێدەچوو بەلاَم بۆ ئێمە دنیایەك خەرجی و پارەو پولی پێویست بوو , بەلاَم سەرەنجام هاولاَتی جێگە پێی خۆی لەهەموو شوێنەکان کردەوەو توانی ئەوپردە دروست بکات لە نێوان پارچە دابەشکراوەکاندا مینبەرێك بۆ نوسەرانی سەربەخۆ و خەلکانی بەپەراوێزکراو دروست بکات , ئەتوانین بلێین هەرچەندە سالی یەکەمی هاولاَتی سالی پڕتالی و سوێری بوو بۆ ستافەکە و سالێکی پڕکێشە بوو بۆمان, بەلاَم لەگەلَ ئەوەشدا سالی دامەزراندنی بەردی بناغەی پرۆژەیەك بوو کە تا ئەوکاتانە تاقانە بوو لەکوردستاندا, سالی یەکەم بەهەموو نەشارەزاییەکانمانەوە لەدنیای ڕۆژنامەگەری و سیاسەتدا بەهەموو نالەباری هەلومەرجەکەوە لەگەلَ ئەوەشدا توانیمان گەلەك دۆست و نوسەرو و خوێنەری وا لەدەوری هاولاَتی کۆبکەینەوە کە نەك هەر بابەتمان بۆ بنێرن و لاپەڕەکانی بەسەر بکەنەوە , بەلکە بەخەمی لایەنە مادییەکەشیەوە بێن و لە گیرفان و دەمی خۆیان بگرنەوەو کۆمەکی مادی بکەن و نەی هێلن ئەو پرۆژەیە لەنیوە ڕێدا بەهۆی بێ ئیمکاناتیەوە بووە ستێت , کەدیارە وەك ئەوەی لە ژمارە حەڤدەدا بانگەوازمان بۆکرد ئەو بڕەپارەیەیی کە خاوەن ئیمتیاز کاك تاریق بۆی دەست نیشان کردبوو خەرج کرا, وەئەگەر کۆمەك و هاوکاری ئەو بەڕێزانە نەبووایە ئەوا بەدلنیاییەوە هاولاَتی هەر ئەو حەڤدە ژمارەیەی لێدەردەچوو کە ئەوکات تیایدا بڕیاری وەستاندنمان دابوو.

ڕەنگە تا ئێرە باسی شتێکی وامان نەکردبێت کە بەنیسبەت هاوڵاتی و خوێنەرانیەوە تازەبێت,  بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕوویداوەو ڕوودەدات ڕوداوگەلێکن کە بەژیانی ئەو بڵاوکراوەیە تازەیەو سەرەتایەکی نوێیە لەژیانی ئەو بڵاوکراوەیەدا کە ئەمەش نەك هەر بۆ خوێنەرو دۆستەکانی ناڕۆشن و نادیارن بەڵکە تەنانەت بۆ من و چەند برادەرێکی تریش کەتا دوێنێ ئەندامی ئەنجومەنی هاوڵاتی بووین تازەبوو, هەربۆیە دروست وایەکە قسەی لەسەر بکەین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین تاکو ئەو گۆڕانکاریانە بە باش و خراپەکانیەوە بەسەرماندا تێنەپەڕێت .

دیارە ئێمە سەرەتا بڕیارمان وانەبوو کەتەنها ڕۆژنامەیەك بەژمارە بە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی زیاد بکەین, بەڵکە بڕیارمان وابوو کە ڕۆژنامەیەك بەتەواوی جیاوازی لە جیهانبینی و شێوازی ئیدارەکردن و بەرێوە چوونیەوە لە ڕۆژنامە باوەکان ڕۆژنامە یەکچاویەکان بهێنینە مەیدان , هەربۆیە جوانی هاوڵاتی تەنها هەر لەو خاڵانەدا خۆی نەدەبینیەوە کە ئەمیان بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆیەو دەیەوێت ڕەخنەگربێت لە  پاوانخوازی حیزبی و گەندەڵی دەسەلأتی کوردی و نەبوونی دیموکراتی و پاشاگەردانیەکانی ئیدارەکان , بەڵکە بەشێکی تر لەجوانیەکەی لەوەدا بوو کە بۆ خودی خۆشی  بڕیار بوو ڕۆژنامەیەکی شەفاف و بە ئیدارەیەکی شەفاف و دوور لەگیانی بیرۆکراتیەتەوە کاربکات و بەتەواوەتی لە گەڵ خوێنەرەکانیدا لەتەماسێکی پتەودا بێت, لێرەوەیە کە دەبێت ئێمە پێچەوانەی ئەوانەی ڕووی ڕەخنەمان تێکردبوون لە ڕەخنە سڵ نەکەینەوە و کەمو کوڕیەکانی خۆمان باس بکەین بەتایبەتی لەم ساتەدا کە هاوڵاتی لەسەر دووڕیانێك وەستاوە بەهۆی چۆنیەتی مامەڵەکردنی برادەرانی ئەنجومەنی هاوڵاتی لەگەڵ پرۆژەکەو لەوێشەوە وەك دوو جەمسەری گرنگی ئەو کێشانە کە خاوەن ئیمتیاز (کاك تاریق فاتیح)ە و سەرنوسەر (کاك ئاسۆس هەردی)یە, دیارە   قسەی ئێمە لێرەدا لەوەنییە کە بۆچی کێشە هەیە و کە بۆچی چەند بیرو بۆچوونی لەهاوڵاتیداهەیە ,بەڵکە قسەی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە بۆچی ئاکامەکان  بەبارێکی پێچەوانەی ڕێکەوتن و شێوازی سەرەتای دەستبەکاربوونی هاوڵاتییەوە دەردەکەون, لەڕاستیدا ئێمە ئەوبرادەرانەی کەلەسەرەتادا هاوڵاتیمان پێکهێنا بڕیارمان وابوو کە هەموو کارەکانمان پەیوەندیمان دەستکەوت و داهاتمان , خەرجیمان هەموو ئەوانە ئاشکراو شەفاف بێت لای خوێنەران و خەڵك , وەمافی هەرکەسێك بەخاوەن ئیمتیازو سەرنوسەریشەوە وەك هەر ئەندامێکی دەستەی نوسەرانبێت لەبڕیارداندا , تەنانەت ئەوکاتانە لەسەر بابەتێك دەبوو چەند لە برادەرانی دەستەی نووسەران ڕەزامەندی لەسەر بدەن تابڵاو بکرێتەوە ,کێشەکان بە مشاوەرەو بە شێوازێکی دیموکراتی و دەنگدان چارەسەر بکرێن, کە چی بەداخەوە ئێستا پێچەوانەی مەنتیقی  ئەوئیشکردنە لەهاوڵاتیدا نە شەفافیەت هەیەو نەکەس دەزانێ چەند داهات و کۆمەك هەیەو نە کەسیش دەزانێت چەند و چۆن  پارە سەرف دەکرێ و لەوەش زیاتر هەروەك ڕۆژنامەیەکی حیزبی و خاوەن دەسەلأتی تاقانە کاك تاریق مافی ئەوەی بەخۆی داوە داوایی تەواوی ستافەکە ڕەتبکاتەوە گوێ بیستی خواستەکانیان نەبێت ,بە مەرجێك کاك تاریق لەسەرەتادا بەپێچەوانەی ئێستاوە نەك هەر زۆرو بۆری نەبوو تەنانەت زۆر جا ئامادەش نەدەبوو تەنانەت دەنگی خۆشی بەکاربهێنێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان. سەیرتریش لەوە  بەدوای وازهێنانی کاك ئاسۆس لەسەرنوسەری , بێ وەستانەوە لە سەر ڕای تەواوی برادەرانی ئەنجومەنەکە سەرنوسەری تازە دیاری دەکرێ گوێ بەهیچ سلوك و عورفێك نادرێت کەپێشتر لەم ڕۆژنامەیەدا هەبووە و کاری پێکراوە.

کاك ئاسۆس وەك سەرنوسەرو کەسێکی بە ئەزمون وکارا کە هەر لەسەرتای پرۆژەکەوە ئامادەیی پۆزەتیڤانەی هەبووە, لە ماڵئاوایەکەیدا دەڵێت ماندوبووم و مەرجەکانم بۆ جێبەجێنەکراوە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی شەفافانە بەخوێنەری ڕۆژنامەکەی بڵێت مەرجەکانی چی بووەو بۆچی وا بەپەلە دەستی لەکار کێشایەوە ,لەکاتێکدا کە دڵنیابوو لەوەو دەی زانی کەزۆربەی ستافەکە لەگەڵ ئەو هاوسۆزیان هەیە و ئەوانیش بەڕۆیشتنی ئەو دەست لەکارکردن دەکێشنەوە, من دەزانم کە ئەو چەندە بەخەمی هاوڵاتیەوە بووەو چەندە ماندوێتی تیاکێشاوە ,بەڵام ئەم شێوزازی ماڵئاواییەی لە پرۆژەیەکی ئاوا گرنگ وەك ئەوەوایە تۆ کۆرپەیەکی خۆشەویستی خۆت لەدارستانێکی پڕدرندە و ترسناك و چۆڵدا بەجێ بهێڵێت و بشڵێت خۆشم ئەوێت و هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژیت بۆدەخوازم! کەدەبوو کاك ئاسۆس پێش وازهێنانی حساباتێکی جدی بۆ پرۆژەکە بکردایە و وئاوا بەسانایی پشتی لە ماندوێتی خۆیی و برادەرەکانی و هەموو ئەو خوێنەرانە نەکردایە کە هەفتانە چاوەڕێی دەرچوونی هاوڵاتی دەکەن.

بەدرێژایی مانگی ڕابردوو  هەفتەنامەی هاوڵاتی  لەلایەن کاك ئاسۆس و کاك تاریقەوە لەسەر لێواری وەستان و بەردەوامی ڕاگیرابوو وەستانێك کە چێتر دەبوو بە ڕەسمی ماڵئاوی لە خوێنەرانی بکردایەو بڕیاری وەستان و کۆتایی پێهێنانی پرۆژەکە و هۆکارەکانی وەستاندنەکەی ڕاگەیاندایە, یان دەستبەکاربوونەوەیەك کە بە گیانێکی تازەوە کاربکاتەوەو بگەڕێتەوە سەر ڕێچکەو شێوازی کارکردنی جارانی خۆی و خوێن بکاتەوە بە بەر دەمارەکانیاو لە ئەزمە و گرفتەکانی قوتاری بکردایە. بەڵام هاوڵاتی شانسی هیچ کام لەوانەی پێنەبڕاو بەمەنتیقی دیزە بەدەرخونەکردنی شتەکان دەستی بەکارکردن کردەوە, دەست بەکار بوونەوەیەك بەو جۆرەی کە هەبووە  واتە بەکێش کردن و خەفەکردنی کێشەکان بەخاتری تەمەندرێژی هاوڵاتی بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە , هەر بۆیە ئێستا چێتر ناتوانرێت ئەو ئومێدەی جارانی لێبکرێتەوە وستەمیشە بڵێن بەوەفابووین بەبەڵێنێك کە بەخەڵك و خوێنەری ڕوژنامەکەمان داوە, چونکە کاك توانا عوسمان دەبوو باش بیزانیایە کە سونەتی کار کردن لەناو هاوڵاتی ئەوەنەبووەوە نییە کە بەبێ لا کردنەوە لە برادەرانی بندەستی خۆی ڕاگەیاندنی سەرنوسەری خۆی لەمیدیاکانەوە بەگوێی ئەنجومەنەکەدا بدات و وەك ئەمری واقیع ئەم نەقڵەیەی لێ قبوڵ بکرێت, چونکە قبوڵ کردنی ئەوە نەك هەر مانای  قبوڵکردن وگوێزانەوەی نەریتی دزێو و گیانی بیرۆکراتیانەی حیزبەکانە بۆناو ڕۆژنامەکەو برواهێنانە بە شێوازی کارکردنی ئەوان و شکاندنی هەمووسنورەکانە, بەڵکە بێڕێزیکردنیشە بەو هەموو  ئەونوسین ڕەخنانەی کە بەدرێژایی پێنج ساڵی ڕابردووی تەمەنی بڵاوکراوەکە ,هاوڵاتی لەسەر دەسەلأتی کوردی بڵاویان دەکاتەوە و داوای شەفافیەت و دیموکراتی و مەدەنیەتیان لێدەکات , لێرەوە جێگەی خۆیەتی  گەر بڵێین  ڕۆژنامەیەکی ئەهلی وەك هاوڵاتی ئەگەر نەتوانێت شەفاف بێت و بەگیانی

**ديموكراتيەوە مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی خۆی و ڕووداوەکاندا بکات و نەتوانێت ڕاستگۆیی بەلێن وادەکانی بۆ خوێنەران بپارێزێت , ئیتر چۆن دەتوانێت لەمەودوا بەرهەمهێنەری خواستە جوانەکانی جەماوەر بێت و ئەو مینبەربێت کە ئومێدی لێبکرێت.**

**★-حکومەتی  بەعسی سوری زور بەئاشکرا متابەعەی ئەو هەواڵ ونوسینانەی دەکرد کە لە هاولاّتیدا بلاّو دەکرانەوە , ئەوکاتەی کە لەسوریا بووم جارێك بۆ لێپرسینەوە لەسەر هاولاّتی بانگیانکردمە مخابەرات , بەدوای کێشەکانی شاری قامشلی و بلاّوکردنەوەی چەند هەڵوێست و بابەتێك لەسەر ئەو ڕووداوە  , کە ئەوکاتە من لەوێی نەبووم چەند برادەرێکیان بانگ بۆلێپرسینەوە.**
**★-برادەرانی هەولێر ئەوانەی کە وەك دەستەی نوسەران  سەرەتا لەگەڵ هاولاّتی  مانەوە و زۆرماندو بوون (کاك ڕێبین ڕەسوڵ وکاك سمکۆمحەمەد) کە ئەوانیش دواتر گرفتیان هەبوو لە سەر نارۆشنی و ئیدارەکردنی هاولاّتی .**